# قورئان گەورەترین موعجیزەیە !
# باوکی حارث

لەم ڕۆژانە گەورەترین باس و بابەت ئەو کێشە جیهانیەیە کە بازاڕەکان تێی کەوتوون کە زیانی زەرەرەکان خەیاڵین هۆیەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ پابەند نەبوون بە ئیسلام و دەرچوون لەو سنورەی خوا بۆی داناوین! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ﴾ البقرة 276 واتە : ( خوا ریبا لەناو ئەبات وە سەدەقەکان زۆر ئەکات و پەرەی پێ ئەدا ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الربا و إن كثر فإن عاقبته تصير إلى قل ) صحيح الجامع 3542 واتە : ( ڕیبا ئەگەر زۆریش بێ بە تەئکید کۆتاییەکەی بەرەو کەم بوون ئەڕوات ) .

دە موسڵمان سەر بەرز بە بەو دینەت کە هەموو کافرەکانی دوژمنایەتی ئەکەن لە کۆتایی ملکەچی ئەوە ئەبن شاهێدی حەقی بۆ بدەن ئەو زەرەرە گەورەی ئێستا بانق و بازاڕە جیهانیەکان تێی کەوتووە هۆی سەرەکی ڕیبایە ئەوە بۆیان وە بۆ ئێمەش دەر ئەخا کە فەرموودەکانی قورئان و سوننەت گومانی تێدا نیە دێتە دی ئەوەش بە چاوی خۆمان ئەبینین! وە با بزانین ئاوهاش هەموو وەعدەکانی خوا ڕاستەو دێتە دی لە سەرکەوتنی موسڵمانان و بەرز بوونی ئیسلام بەسەر هەموو دینەکانی تر وە لەوەی لە پاش مردن زیندوو ئەبینەوە !